وتەبێژی حکومەت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زیادەڕەیی بە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی جادرییە ڕاگەیاند

ئەمڕۆ شەممە "باسم عەوادی" وتەبێژی حکومەت،ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەزیادەڕەیی بە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی جادرییە ڕاگەیاند. "عەوادی"لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەو لیژنەیەی کە سەرۆک وەزیران سەبارەت بە پێشێلکارییەکان بە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی جادرییە پێکهێنراوە ڕاسپاردەکانی خۆی ئاراستەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد:- کە ئەو لیژنەیەی سەرۆک وەزیران سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی جادرییە پێکهێنراوە،ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە نووسینگەی سەرۆک وەزیران کردوە و لیژنەکە پێشنیاری کرد کە دەستەی دەستپاکی ڕێنمایی بکرێت بە ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کارمەندانی پەیوەندیدار بکاتەوە،لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ڕەسافە دوو بەتۆمەتی ساختەکاری و دەستکاریکردن. ئەوەشی خستەروو :- کە میراتگرەکەی "عەبدولحەمید لامی" هەماهەنگی لەگەڵ تۆمەتباری هەڵهاتوو"سەلمان محەمەد حسەن" کردووە بە فرۆشتنی ئەو ناوچانەی کە خاوەندارێتییان نییە بە هاوڵاتیان، کە ڕووبەرەکەیان 400 مەتر چوارگۆشەیە. ووتیشی :- لێکۆڵینەوەی یاسایی ئەنجامدراوە لە مامەڵە کارگێڕییەکان لەسەر پارچە زەوییە کشتوکاڵییەکانی سەرەوە، و ئەوانەی کە کەمتەرخەم بوون ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کراون، جگە لەوەی وەزیری دارایی ڕێنمایی کردوە بە کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک لە خانووبەرەی دەوڵەت .